
# گوڵبژێرێک لە باشترین تەکنەلۆژیا

گۆڤاری تایمی ئەمەریکی ساڵانە دەستەبژێری بۆ تاک و شوێنەکان و ئامێرەکان دەکات و بە باشترین، کەسایەتی یان باشترین ئامێر ، یا گرنگترین ناوچەی جوگرافی یا..تاد. دەستنیشانیان دەکات.

## ئامێرێک بۆ هاوکاری چێشتلێنەرەکان



بەشی tasty کۆمپانیای buzafedd کە زیاتر لە سەد ملیۆن بەکارهێنەری هەیە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبوک و ئینستاگرام وەك پڕبینەرترین کەناڵی تایبەت بە چێشت لێنان لە سەرانسەری جیهاندا ناسراوە.

سەرۆکی بەشی تاقیگەکانی کۆمپانیای ناوبراو رای وایە چێژوەرگرتن لە لێنانی خواردنێك کە راستەوخۆ بیبینی جیاوازی زۆرە وەك ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا سەیری بکەی. هەربۆیە هەوڵیانداوە ئامێرێك وەك هاوکاری چێشتلێنەرەکان بەناوی tasty one top بەرهەم بێنن.

تەباخێکی سمارتی چێشت لێنان و گونجاو لەگەڵ ئاپەکانی مۆبایل. ئەم تەباخە سمارتە یارمەتی چێشتلێنەرەکان دەدات قۆناغەکانی لێنانی خۆراك هەنگاو بەهەنگاو ببنە پێش.

هەستەوەرێك کە لەناو ئامێرە دیجیتالییەکەدایە و هەروەها تین پێوێك، زانیاری ورد دەداتە چێشتلێنەرەکە، وەك کەی دەبێت گۆشتەکە بسوڕێنی، یان پەتاکەکە سووربۆتەوە و یان هێلکەکە کولاوە...

ئامێرە دیجیتالییەکە هەر ئەو ئەرکە ئەنجام نادات، بەڵکو فێری چێشت لێنانیشت دەکات، لەناوخۆیدا چۆنییەتی لێنانی چەندین جۆر چێشتی تێدایە. ناشارەزاترین کەسیش دەتوانێت بەهۆی ئەو ئامێرەوە فێری خواردن لێنان بێت.



## چاویلکەیەک بینایی بۆ نابینایان دەگەڕێنێتەوە

چاویلکە هۆشمەندەکان پەرەیان سەندووە، ئیدی چاویلکە ئەوە نییە تەنیا هەندێك هێزی بینایی ببەخشێ، بگرە چاویلکەی سمارتی وا بەرهەم هاتووە کە دەبێتە رێنوێن و رێنیشاندەر بۆ بینایان و هەیە هێزی بینایی بۆ دەگەڕێنێتەوە..

چاویلکەی eSight 3 بەڕای گۆڤاری تایم وەك بەهێزترین چاویلکەی سمارت لە ساڵی ٢٠١٧دا ناسراوە. کاتێك بەکارهێنەر چاویلکەکە بەکار دێنێ، دەست بە تۆمارکردنی ڤیدیۆ بە کوالیتی بەرز دەکات و بەهۆی شێوازی تایبەتی خۆیەوە و گەورەگرتنی وێنەکە وای لێدەکات نابینا تێیبگات، هەرچەندە بە دەنگیش نابینا ئاگادار دەکاتەوە. تێچووی کڕینی چاویلکەکە زۆرە، بەڵام بۆ نابیناکان رەنگە لە گۆچانێکی سمارت، یا سەگێکی رێنوێن باشتر بێت.

## مەچەکبەندێک بۆ چاودێری تەندروستی منداڵ

لەم چەند ساڵەی دواییدا تەکنەلۆژیای نوێ خزمەتێکی بەرچاوی بە منداڵان کردووە، گرنگییەکی زۆری بە تەندروستی هەم بواری دەروونی و هەم بواری جەستەیی منداڵ داوە.. یەکێك لەم ئامێرە تەندروستیانەیە bempuیە.. کە بەڕای گۆڤاری تایم لە ریزی بەربژێرەکانی تەکنەلۆژیای نوێ لە ساڵی ٢٠١٧دایە.

ئامێری ناوبراو تین پێوێکە کە وەك مەچەکبەندێك لە دەستی منداڵ دەکرێ و هەرکاتێك منداڵەکە تووشی گۆڕانکاری لەناوکاوی گەرمی جەستی بێت وەك سەرمای زۆر یان گەرمای زۆر، ئامێرەکە زەنگی هۆشیارکردنەوە لێدەدات. ئامێرەکە هەتا ئێستا توانیویەتی پارێزەری دە هەزار منداڵ لە هیندوستان و چەند وڵاتێکی دیکە بێت، هەربۆیە بنکەیەکی خێرخوازی دوو ملیۆن دۆلاری وەك پاداش پێ بەخشی. بەڕێوەبەری بەرهەمهێنی ئامێرەکە دەڵێت: ئامانجمان کەمکردنەوەی رێژەی مەرگی منداڵانە.



# ـــــــــەکانی ٢٠١٧ بەڕای گۆڤاری تایم

**لە ساڵی ٢٠١٧دا لەنێو ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم کە لەم ساڵەدا بەرهەم هاتوون ٢٥ ئامێرێکی وەک دەستەبژێر دیاری کردوون، ئێمەش لەنێو ئەو ٢٥ ئامێرەدا گوڵبژێرێکمان بۆ ئێوە هەڵبژاردووە کە بەڕای گۆڤاری تایم لە ریزی ئامێرە بە سوودەکانی ٢٠١٧ دێنە ژمار...**



## کۆداپتەرێک تایبەت بە وێنەی سێلفی

وێنەی سێلفی واتە وێنەی رووبەڕوو یان ئەو وێنانەی کە خودی بەکارهێنەر بەبێ یارمەتیدانی لایەنی دیکە دەیانگرێت، کامێرای تایبەتی و گۆچانی تایبەتی و ئامرازی تایبەتی بۆ بەرهەمهاتووە، لەم دواییەدا کۆداپتەرێکی تایبەت بە وێنەی سێلفی بەناوی DJI Spark بەرهەم هاتووە.

کۆداپتەرەکە بە جوڵەی دەستی بەکارهێنەرەکەی فەرمانەکان جێبەجێ دەکات. ماوەی فڕینی کۆداپتەرەکە تەنیا ١٦ خولەکە کە بۆ وێنەی سێلفی ئەم ماوەیە گونجاوە.

کۆداپتەر جۆری DJI Spark لە لایەن گۆڤاری تایمەوە وەك بژاردەیەکی پێشکەوتووی دیجیتالی ساڵی ٢٠١٧ سەیر کراوە.

کۆداپتەری ناوبراو بە خێرایی ٥٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەفڕێ، دوو کیلۆمەتر دەتوانرێ لە شوێنی کۆنترۆڵ دوور بکەوێتەوە و مەودای فڕینی ئاسۆیی ٥٠٠ مەترە.. دەکرێت بە دەست یا مۆبایل یا کۆنترۆڵی تایبەتی خۆی کۆنترۆڵ بکرێ.. کوالیتی وێنەکانی ١٢ میگاپیسکلە. دەتوانرێ وای رێك بخەی چەند مەترێك لە تۆ دوور بێت و بەدوات دابێت و فیلم هەڵبگرێتەوە یان لە پێشەوە لەگەڵ رۆیشتنی بەکارهێنەر بڕوات و فیلمی لێ هەڵبگرێتەوە، هەرکاتێك شەحنی باتری دابەزی و بە ئارامی دەنیشتەوە، سیستەمی GPS تێدایە کە ئۆتۆماتیکی بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە.. لە رێگادا بەربەستەکان دەناسێ و خۆیان لێ لادەدا.. وێنە و ڤیدیۆکان راستەوخۆ بۆ موبایل بەرێ دەکات...



## رۆبۆتێک بۆ هاودەمی و هاوئاهەنگی

**ئامێرێکی دیکە کە لە ریزی دەستەبژێرەکانی گۆڤاری تایمە بۆ تەکنەلۆژییە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٧ رۆبۆتی jiboیە. ئەم رۆبۆتە زیاتر بۆ هاودەمی و هاوئاهەنگی بەکارهێنەرەکەیەتی وەك هاوڕێیەك لەلای گوێ دەداتە قسەکانی و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات.**

**جیبۆ زیاتر وەك کەسایەتی ئیڤۆ لە کارتۆنی وال-ئی دەچێت، سەرێکی خڕ و گەورە و روخسارێکی پڕ لە ئایکۆنی سەرنج راکێش. کاتی قسەکردن بە جۆرێك جەستەی دەجوڵێنێ وەك ئەوەی قسەت لەگەڵ بکات. لە هەر شوێنێك بی هەرکاتێك بڵێی (هێی جیبۆ) ئەو دەتوانێ پێبکەنێ و سەما بکا و سەیری تۆ بکات. جگە لەهاودەنگی دەتوانێت لە وێنەگرتن، گەیاندنی هەواڵەکانی رۆژانە، کەش هەوا، داواکاری وەرگرتنی گۆڕانی هاوکاری بەکارهێنەرەکە بێت.**

## ئامێرێک بۆ سیستەمی چاودێری ماڵەوە







کامێراکانی چاودێری سیستەمی ئەمنیەتیان بەهێزە، هەموو جموجوڵێك لە خۆیاندا تۆمار دەکەن، بەڵام جار هەیە تەنیا کامێرای چاودێری ناتوانێ ئەم ئەرکە بەڕێوەبەرێت، بۆیە ئامێری دیکەی سیستەمی ئەمنییەت هەن، بۆ نموونە ئامێری nest Secure کە هی کۆمپانیای گوگلە، سیستەمی ئەمنییەتییەکی جیاوازی هەیە.

بۆ نموونە بۆ سوود وەرگرتن لە هاپەکانی ئەمینیەتی لەبری پاسۆرد دەبێ کۆدێکی ئەمنییەتی بەکار بێنی. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئامێری ناوبراو ئەوەیە کە بۆ هەرکەسێك دەتوانی کاتێکی دیاریکراو دابنێی، بۆ نموونە کارمەندێکی ئیدارە گەر بیهەوێ بەکارتەکەی خۆی کاتژمێر ٤ بچێتەوە ئیدارە دەرگا ناکرێتەوە، چونکە ئەمکاتەی بۆ دانەنراوە، یان چاودێرێکی منداڵ ناتوانێت جگە لەکاتەکانی کاری خۆی بێتە ناو ماڵەوە..

سیستەمە ئەمنییەتەکە لە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. ئەگەر یەکێکیش بیەوێ بە خراپ کەڵکی لێوەربگرێ ئەوە جەرەسی هۆشیارکردنەوە لێدەدات کە دەنگێکی زۆر بەرزی هەیە، ئەگەر دەرگا یا پەنجەرەکان کرابوونەوە جەرەس لێدەدا و ئاگاداری بەکارهێنەرەکەی دەکاتەوە تەنانە ئەگەر لە رێگای دوورەوەش بێت.

# ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە YouTube

هەموومـان دەزانین گەورەترین خزمەتگوزاری هاوبەشـكردنی ڤیدیۆ سـایتی یوتیوبە، سـایتێك بۆ هەر مەبەسـتێك بگەڕێی ڤیدیۆی تایبەتی خۆی تێدایە. رۆژانە ملیۆنان بەكارهێنەر سەردانی دەكەن، من و تۆش یەكێكین لەوانەی رۆژانە هەرنەبێ بـۆ جارێـك سـەردانی ئـەم سـایتە دەكەین، بـەڵام رەنگـە زۆرتان شـارەزایی چەندین ئاسـانكاری نەبـن لـە بەكارهێنانـی سـایتەكەدا. لێرەدا ئامـاژە بەچەند زانیارییـەك دەكەین كە بە كیبۆرد ئەنجام دەدرێن..

ئەگەر ڤیدیۆیەك بكەیتەوە دەكرێت بە هێمای پلەی و سـتۆپ بە ماوسـەكەت رایبگری یان پێی بكەی بەڵام بە دوگمەی K بەبێ ئەوەی ماوس بەكار بێنی ئەم كارە ئەنجام دەدەی، هەرچەندە دوگمەی سپێسیش ئەم كارە دەكات.

دوگمـەی M بـۆ بێدەنگكـردن دەبێـت، بـۆ كەمكردن و زیادكردنی دەنگیش لە دوو دوگمەی ئاراسـتەی سـەرێ و

## كامێرا ئەكشنەكەی كاسیۆ



## گلۆپێكی سمارت بۆ ئاگاداركردنەوەی پەیوەندییەكان

سـەردەمی دیجیتالی وای كردووە بـۆ هەموو شـتێك ئامێری تایبـەت بەخۆی هەبێت، شەوانە كاتێك دەنووی و مۆبایلەكەت بێدەنگ دەكەی، ئاگادار نابـی كـێ چ پەیامێـك دەنێرێ یان پەیوەندیـت پێـوە دەكات، گلۆپی زیرەكـی تایبـەت بـە خەوتـن بـە گۆڕانـی رەنگـی روناكیەكەی ئـاگادارت دەكاتـەوە، بـۆ نموونـە كە رەنگی گلۆپەكە سـەوز بوو یانی ئەوە تەلەفۆنێكت بۆ هـات، یـا ئەگـەر زەرد بـوو یانی ئـەوە كورتە پەیامێك، یان ئەگەر شـین بوو یانی پەیامێكی فەیسبوكی.....تاد.

گلۆپـی جـۆری Aumi Mini نەتەنیـا تایبەت بـە مۆبایل دەكرێت لـە كۆمپیوتەریـش دابنـدرێ رەنگـی گلۆپەكانـی بگۆڕی و بـۆ هـەر زانیارییـەك رەنگێكـی تایبەتـی دابنێـی. لـە كۆمپیوتەریشـدا هەمـان ئـەرك ئەنجـام دەدات، وەك هاتنـی ئیمێلێكـی نـوێ، وەرگرتنـی پەیامێك لە تۆڕێكـی كۆمەڵایەتـی، زانیـاری تایبەت بە كەش و هەوا و زۆر زانیاری دیكەش.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك



**خوێنەرێكی بەڕێز كە قوتابی زانكۆیە دەپرسێت بۆ نووسینی باسێك پێویست دەكات فۆرمۆڵەكانی بیركاری بنووسم ئایا لە**


پرۆگرامی word دا ئەمە دەكرێ ئەگەر دەكرێ چۆن بیدۆزمەوە؟

بەڵێ خوێنـەری بەڕێـز دەكرێـت لـە word بـەڵام ٢٠٠٧ بـۆ سـەرێ هەمـوو شتێكی تایبەت بە بیركاری بنووسی سەرەتادا بچۆ بەشی Equation ئەویش دەكرێت لە رێگای داگرتنی دوو دوگمەی Alt و = پێكەوە، ئەو بەشە دەكرێتەوە، ئێستا گشت هێماو كاراكتەركانی تایبەت بە بیركاری لەم بەشەدا هەن و بێ گرفت دەكرێ سوودیان لێوەربگری..

# ـــــارەت بە یوتیوب نایزانی

خواریێ سوود وەربگرە...

دوگمەی F بۆ ئەوەی کە بە فوول سکرین ڤیدیۆیەکەت نیشان بدەی، دوگمەی J ڤیدیۆکە ١٠ چرکە دەباتە دواوە، دوگمەی L ڤیدیۆکە ١٠ چرکە دەباتە پێشەوە. دوگمەکانی ئاراستە بۆ لای چەپ و راست ڤیدیۆکە ٥ چرکە بۆ دواوە و پێشەوە دەبەن. دوگمەکانی (٠ هەتا ٩) هەرکام کاری تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ بردنە پێشەوە و دواوەی ڤیدیۆکە، دوگمەی (٠) ڤیدیۆکە دەهێنێتەوە سەرەتا، دوگمەی (٩)ش بەرەو کۆتایی دەبات، ژمارەکانی دیکەش هەموویان ڤیدیۆکە بەرەو پێشەوە و دواوە دەبەن.



## هەفتەیەک باتریەکەی دانابەزێت

چەند ساڵ لەمەوبەر خاڵی بەهێزی مۆبایلێکی سەرکەوتوو، کامێراکەی بوو. هەرچەندە ئێستاش ئەم خاڵە وەك خۆی ماوە، بەڵام تایبەتمەندییەکی دیکەی مۆبایلێکی سەرکەوتوو باترییەکەیەتی، ئەگەر مۆبایلێك باترییەکەی بەهێز بێت و درەنگ دابەزێت، بە تایبەتمەندییەکی باش دادەنرێت..

مۆبایلی جۆری ulefone power3 یەکێك لەو مۆبایلانەیە کە باترییەکی بەهێزی هەیە و جگە لە باترییەکەی نوێترین سیتسەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، واتە ئەندرۆید ٨ باترییەکەشی ٦١٠٠ میلی ئامپێرە.. باترییەك کە هەمیشەییە و ناگۆڕدرێت..

باترییەکە وا دەکات هەتا یەك حەوتوو پێویستت بە شەحن نەبێت ئەوکاتانەی کەمتر بەکار دێت و ئەوکاتانەی زۆرتر سوودی لێدەبیندریێ واتە فیلمی پێ لێدەریێ و گەیمی پێدەکریێ هەتا چوار رۆژ دانابەزێت. جگە لە نوێترین سیستەم و باتری بەهێز شاشەیەکی بەهێزیشی هەیە و قەبارەکەی ٥,٥ە. رامی مۆبایلەکە ٦ گیگابایتە و میمۆریەکەی ٦٤ گیگابایتە. سیستەمی ئەمنیەتی پەنجەمۆری لە پشتەوەی مۆبایلەکە دانراوە.

کامێرا ئەکشنەکان واتە (Action Cam) بەو کامێرایانە دەگوترێن کە بۆ وێنەی جوڵەدار بگونجێن بەبێ ئەوەی کێشەیەك لە کوالیتی وێنەدا دروست بێت، بۆ نموونە کاتێك وەرشوانێك مەلە دەکات یان ئەسپ سواری دەکات یا تۆپی پێدەکات وێنەگرتنی ئەم دیمەنانە پێویستی بەکامێرای تایبەتە کە پێی دەگوترێت کامێرای ئەکشن...

کۆمپانیای کاسیۆ لەم ماوەیەدا کامێرایەکی ئەکشنی بەناوی GZE-1 هێناوە.

تایبەتمەندییەکانی کامێراکە ئەمانەن: دیزانێکی زۆر سەرنج راکێشی هەیە لە شێوەی کاتژمێرێکی دەست دەچێت، لە ئاست تۆز و خۆڵ و بەرکەوتندا خۆراگرە، ئاوی تێناچێت و دەکریێ بۆ مەلەوانیش بەکار بهێندرێت، لە قوڵایی ٥٠ مەتر ژێرئاویش ناکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی ئاو، لە کەشو هەوای نالەباردا وەك گەرما و ساردی کێشەی بۆ نایەتە پێش. بە کوالیتی HD فیلم دەگرێت. بلوتوسی هەیە راستەوخۆ لەگەڵ کاتژمێری کاسیۆ، یا مۆبایل پەیوەند بدرێت.



## ماڵپەڕێک تایبەت بە زانیاری لەسەر مانگ

سایتەکانی تایبەت بە کەش و هەوای زەوی گەلێك زۆرن، نە تەنیا ماڵپەڕ بەڵکو ئەپلکەیشنی تایبەت بە کەش و هەواش لەسەر موبایلەکان گەلێکن، گەر دەتەویێ زانیاریت سەبارەت بە چۆنییەتی ئێستای مانگەوە بزانی سەر لە ماڵپەڕی http://www.moongiant.com/ بدە. لەم ماڵپەڕەدا وردەکاری سەبارەت بە مانگ کە ئێستا لە چ قۆناغێك دایە و لە شوێنی جوگرافیای تۆ لە چ لە ئاستێکدایە وەگیرت دەکەوێت، نەك زانیاری هی ئەم رۆژەی کە تێیدایە بەڵکو هی رۆژەکانی داهاتووشی تێدایە، ئەم زانیاریانە بۆ ئەو کەسانەی شوێنیان لە قەراخ دەریاکانە زۆر گرنگە، بۆ بەرزی و نزمی ئاوی دەریاکان، چونکە مانگ کاریگەری لەسەر بەرزی و نزمی ئاوی دەریاکان هەیە و دروستبوونی شەپۆلەکان هەیە...